**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان . عێراق**

پشت بەستن بە حوکمی برگە (1) لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی رۆژی 26/ 2009/10 بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 2009**

**هەموارکردنی هەشتەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی**

**هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (3)ی ساڵی 1994ی هەموارکراو.**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکراو هەڵدەوەشێنرێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ئەنجومەنی وەزیران ئەم وەزارەتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێتەوە:

1- وەزارەتی داد.

2- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

3- وەزارەتی ناوخۆ.

4- وەزارەتی دارایی وئابووری.

5- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

6- وەزارەتی تەندروستی.

7- وەزارەتی پەروەردە.

8- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون.

9- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

10- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

11- وەزارەتی پلاندانان.

12- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

13- وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان.

14- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

15- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
16- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.
17- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.
18- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
19- وەزارەتی کارەبا.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(د. کەمال کەرکووکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

هەندێ وەزارەت و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بەمەبەستی ڕێکخستن و کەمکردنەوەی ژمارەی وەزارەتەکان و لێکدانی کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت، بۆ زیاتر خزمەتکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.